




# دەلاقەیەک بەرەو شێعری وەفا

هادی حەبیبی(هاوڕێ)

ئاشکراترین جیاوازی نێوان هونەرمەند و خەڵکی ئاسایی لە چۆنیەتی روانین لە مەبەستگەلی کۆمەڵگا و دنیای دەوروبەر دایە و هەر بەو پێیە زۆریەک لە ڕۆشنبیران لە سەر ئەو باوەڕەن، هونەرمەند خاوەن دوو ژیان و دوو لە دایک بوونە. مارف لە وتووێژێکدا ئەو دیاردانەی کە ئەم جیاوازیانە روون دەکاتەوە بە "وەرینی گەڵایەک" یان "کوژرانی باڵەندەیەک" و "پشکووتنی گوڵێک" دێنێ کە هەر خەڵکێک – بە گشتی – لە ژیانی ئاسایی خۆی دا ڕەنگە چەندین جار تووشی ئەم دیاردانە هاتبێ و بە ئاسانی لە پەنایان تێپەر بووبێ. بەڵام جیاوازی لێرەدایە کە مرۆڤێکی شاعیر، بە پێی ئەم ئەرکەی لە بەرانبەر کۆمەڵگاکەیدا هەیەتی زۆرجار بۆ نموونە "وەرینی گەڵایەک" لەگەڵ سامناکترین کات لە ژیانی مرۆڤ گرێ دەدا و فەلسەفەیەکی تایبەتی پێدەخولقێنێ. هەڵبەت زۆرجار ئەم ژیانە ئاساییە دەبێتە پێشەکییەک بۆ ژیانی ڕاستەقینەی شاعیر و هەروەها سەرچاوەیەک بۆ خولقاندنی فکر لە کۆمەڵگادا. ڕیمۆند کارویر چیرۆک نووسی ئامریکایی دەڵێ: "نووسەر بۆ خولقاندنی ئاسەوارەکەی دەبێ لە پێشدا لە دنیایەکدا بژی کە باوەری پێی بێ و دواتر بە سرنجدان بەو دنیایە، دنیای تایبەتی خۆی پێک بێنێ". دیارە لە نێوان دنیای ئاسایی و دنیای تایبەتی نووسەریشدا جیاوازی هەیە و زۆربەی ئەو نووسەرانەی لە ئەدەبیاتی جیهاندا ماونەتەوە، بە هۆی دنیای تایبەتیان بووە، هەر بۆیە دنیای تایبەتی هەر نووسەرێک زیاتر جێی سرنجدانە هەتا دنیای ئاسایی ئەو نووسەرە. محەممەدی سەنعەتیش لە "تحلیلهای روانشناختی در هنر و ادبیات" دا هونەر بەم جۆرە تاریف دەکا: "هونەر جۆرێکیتر خوێندنەوە و جۆرێکیتر دیتن و جۆرێکیتر بیستنە کە لە گەڵ خوێندنەوە و دیتن و بیستنی ئاساییدا جیاوازە" ئەم تاریفەش دیسان، دەتوانێ جیاوازی نێوان ڕوانینی هونەرمەند و خەڵکی ئاسایی ڕوونتر بکاتەوە. بەم پێوەرانە ئەگەر بمانهەوێ لەسەر ژیانی ئاسایی عومەر سوڵتانی "وەفا" بدوێین، ئەم شاعیرە ناسک خەیاڵە لە ساڵی 1316 هەتاوی لە بۆکان لە دایک بووە و لە ساڵی 1335 تێکۆشانی ئەدەبی و شیعری خۆی دەست پێکردووە. "وەفا" لە ڕەوتی ژیانی شیعریی خۆیدا لە گەڵ شاعیرانی مەزنی فارس وەک نیما و موشیری دانیشتن و گۆڕینەوەی فکریی بووە و لەگەڵ گۆڤارکانی ئادینە و خووشە و چەند گۆڤارێکی تر هاوکاری ئەدەبی کردووە. کۆمەڵە شیعری "سرود پرستو"ی بە زمانی فارسی نووسیوە. "سرود پرستو" لەو کۆمەڵە شێعرییە سەرکەوتوانەیە کە بە دەگمەن شاعیر دەتوانی بە زمانی غەیری زمانی دایکی خۆی بیخولقێنێ. شەفیعی کەدکەنی دەڵێ: "وەفا لەو شاعیرە بە توانایانەی ئەمڕۆیە کە وەک شاعیرێکی غەیری فارس، لە بەستێنی شێعری نوێی فارسی دا بە باشی درەوشاوەتەوە" وەفا – بە گشتی – دوو لایەنی کلاسیک و نوێی شێعری ئەزموون کردووە و ئاسەوارێکی بەنرخی خولقاندووە لە شێعری کلاسیک و نوێی کوردیشدا – هەرچەند بە داخەوە کۆمەڵە شێعری لێ کۆنەکراوەتەوە – شوێنی تایبەتی هەیە و شێعری وەفا لە هەوەڵ چاوپێکەوتن دا، شێعری سروشتە، شێعری ئاو و با و چنار و کێوە، شێعری شەمامە و شەبەقە. لە شێعری وەفادا مەزاهیری سرووشت لەگەڵ خەیالێکی نەسرەوتووی چاوەڕواندا گرێ دراون، ئەم بەشە لە شێعری وەفا لە فەزایەکی ڕۆمانتیکدا دەژی و تایبەتمەندی ئەم مەکتەبە وەبیر خوێنەر دێنێتەوە. سەرنج بدەنە بەشێ لە شێعری " پرچی ئاڵەکۆک "

با دڵ بدەم بە ئاو
با دڵ لە پرچی ئاڵەکۆک و شنەی با گرێ بدەم
با دڵ بەسەر لقی داری چنارەوە
هەڵاوەسم با هەڵگرم لە کێوی وەفا
بوخچەیەک گزنگ
با لێوەکەم لە دەستی گوڵاڵان
هەڵاڵەیەک
با هەڵکەنم بە پەنجەی پڕپڕ لە شەوقەوە
ڕێواس و کەنگر و لووشە و مەنێ و شنگ
بڕنم شەمامە لە بێستانی خۆرەتاو
بدزم لە دوور دوورەوە
بەرچینەیەک لە شەبەق
جانتایە باخنم لە تەرە و کارگی کەما
بێنم بە چنگ و چارەکە قەزوان و جاترە... (سروەی 200 لاپەڕەی 38 )

جگە لە سروشت گەرایی، خوێنەر لە شێعری وەفادا هەست بە ئەشقێکی هەمیشەیی دەکا، ئەشقێ کە لەگەڵ هەر وشەیەکدا ڕەنگێکی تایبەت دەگەرێ و زۆرجار شاعیر ئاواتەکانی نوقمی ئەو ئەشقە دەکا. وەفا شاعیری ئەشق و جوانییە و زۆرجار بە لەحنێکی ئاواتخوازانە باس لە ئەشقێکی ون بوو دەکا، ئەم هەستە لە شێعرەکانی " لەپی دەست ، باوەش ، بۆن ناتەبا ، پرچی ئاڵەکۆک ، سپی دەنگ "،دا ئاشکرایە و ئەوەی لەم بەشەدا جێی سرنجە، زمانی ساکاری شاعیرە. وەفا بە زمانێکی ساکار باس لە ئەشقێکی ون بوو دەکا و ئاواتەخوازە ئەم ئەشقە کارەساتی دەربەدەری و بێ پەنایی کاڵ کاتەوە و تامی تاڵی سەرگەردانی لە گەروویدا بشواتەوە:

هاڵاوی دەم
یان گوڵاوی سنگ و بەرۆک
بە کام شێعر هەستم دەکەی
نوێ یان غەزەل و چوارینە؟
بە کام زمان دەمدوێنی
نهێنی یان چرپەی ناو گوێ؟
کە هەر نەختێک
کارەساتی دەربەدەری و بێ پەناییم
کاڵ کاتەوە و
تامی تاڵی سەرگەردانی
لە گەروومدا بشواتەوە! (سروەی 174، لاپەڕەی 32)

بەدوای ئەشق دا، خاڵێکی تری دیاریکراو لە شێعری وەفادا، پرسیارە. شاعیر لە شێعری "ناتەبا"دا لە سەرەتاوە گومان و نائومێدی و بیرەوەرِی ڕابردووی دەکاتە پێشەکی ئەو پرسیارە، پرسیارێ کە فەلسەفەیەکی تایبەت لە شێعری وەفادا پێکدێنێ و لە قووڵایی ئەندیشەی شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەم فەلسەفەیە، فەلسەفەی تەم گرتووی داهاتووە. فەلسەفەیەک کە جیهان بە شاعیر تەنگ دەکا و شاعیر بە پێشوازی گومانەوە دەبا:

نیوەشەوە
دەستم بۆ خۆشەویستی دەگەڕێ
خەونی کاڵ دەبینم
هەموو جیهانم پێ تەنگە
به پێشوازی گومانەوە دەچم ناتەبا(سروەی 152 لاپەڕەی 42)

تەنیا به پێشوازی گومانەوە چوون نیه، بەڵکوو گومان چەشنێک نائومیدی له شێعری وەفادا دروست دەکا. نائومێدییەک که سەرانسەر پڕ له بیرەوەری ڕابردووە، ڕابردوویەک که شاعیر به لەحنێکی پڕ له ترس و هاوارەوە باسی لێ دەکا و دەڵێی چاوەڕوانی ڕووداوێکی سامناکه، ئەو ڕابردووە له شێعری وەفادا به چریکەی ئەستێرەی شەو و هەوری لاری بەیانی خۆ دەنوێنێ:

شەو به بەریەوە نەماوە
چرای ژوورەکەم
وەک چرای دڵم
له کووژانەوەیه
جووڵانەی گومانێکی له مێژین
دەمبزوێنێ
ئەستێرەی شەو
"هەوری لار"ی بەیانی دەچریکێنن. ناتەبا(سروەی 152، لاپەڕەی 42)

لەم بەشه لەو شێعرەدا، دوو خاڵ جێی سرنجه که نائومێدی شاعیر قورستر نیشان دەدا، یەکیان ئەوەی که شاعیر له سەرەتای شێعرەکەدا مزگێنی تەواوبوونی شەو دەدا بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی شەو، چرای ژوورەکەشی وەک چرای دڵی له کووژانەوەیه و شاعیر دڵێکی به هاتنی بەیان خۆش نییه، دووهەم ئەوەی که له وەجهی شەبەهی کووژانەوەدا، شاعیر چرای ژوورەکەی به چرای دڵی دەشوبهێنێ که ئەوپەری نائومێدییه. وادەردەکەوێ دڵی شاعیر لەمێژە کووژاوەتەوە و تەنیا هیوایەک که شاعیر بەدی دەکا چرای ژوورەکەیەتی که ئەویش وەک چرای دڵی له کووژانەوەیه دوای ئەم نائومێدییه، شاعیر به پرسیار دەگا، پرسیارێکی بێ وڵام له چارەنووسێکی ئاڵۆز:

من له کوێم؟
له کوێوە هاتووم؟
چ دەکەم
بەدوای کام پرسیاری بێ وەڵام دا
وێڵم
ئەم جیهانه بەرینه
چەند بەرتەسکه
تۆ چەندە گەورەی!! ناتەبا(سروەی 152، لاپەڕەی 42)

جگه له سرووشت و ئەشق و پرسیار، وەفا له زۆربەی شێعرەکانیدا چاوەڕوانه، چاوەڕوانێکی نەسرەوتوو که به زمانی خەیاڵ قسه دەکا، چاوەڕوانی و خەیاڵ له شێعری وەفادا وەها تێکهاڵاون که بێ یەک ناژین، بەو جیاوازییه که خەیاڵ له ڕواڵەت و چاوەڕوانی له دەروونی شێعرەکاندا خۆدەنوێنێ، یان دەکرێ بڵێین زمانی خەیاڵ ئاشکراتر و زمانی چاوەڕوانی نهێنی تره، زمانی خەیاڵ له شێعری وەفادا، زۆرجار زمانی پێداهەڵکوتنه، ئەو زمانەی که شاعیر خەیاڵ و چاوەڕوانی خۆی پێدادەمرکێنێ،

ئەم هەستە لە شێعری "لەپی دەست، باوەش، شاگەشکە"دا بە باشی ئاشکرایە، لە سەرەتای شێعری "سپی دەنگ"دا شاعیر خەیاڵ و چاوەڕوانی خۆی دیسان ئاوێتەی پرسیار دەکا:

لەکام شوێنەوە، بەرەو پیرت بێم؟
لەکام دەلاقەوە، سەیرت بکەم؟
لەکام دەروازەوە، بتدوێنم؟
کە دڵۆپێک
لە ڕووباری سپی دەنگت
بڕژێتە سەر زمانی کۆنی
دەم و چاوم و
کوڵی دڵم دامرکێنێ!! سپی دەنگ(سروەی 174، لاپەڕەی 32)

هەر خاڵێکی دیاریکراو لە شێعری وەفادا، بە چەشنێک دەسەلمێنێ کە شێعری وەفا سێبەری مەکتەبی ڕۆمانتیسمی بە سەرەوەیە و ئەو تایبەتمەندییانەی بە لای ڕۆمانتیکەکانی فەرانسەوە گرنگە، لە شێعری وەفاشدا دەبیندرێ. بۆ نموونە ڕۆمانتیکەکانی فەرانسە جگە لە جوانی تێدەکۆشن دزێوی و ناحەزیش لە ئاسەوارەکانیاندا بنوێنن، لایەنگری جوانی و ڕەنگ و دیمەنن و پێیان وایە نووسەر دەبێ بۆ خوڵقاندنی بەرهەمێک بە تەواوی ئازاد بێ و بە هیچ جۆرێک لایەنگری هیچ قەید و بەندێک لە شێعر دانین، بۆ نموونە هۆگۆ لە پێشەکی شانۆنامەی "ئەرنانی Hernani"دا دەڵێ:
"ڕۆمانتیسم یانی ئازادیخوازی لە هونەردا" وەفا وەک شاعیرێکی ڕۆمانتیک لە شێعری "لەپی دەست"دا جگە لە بزە و سرتەی خۆشەویستەکەی، تووڕەی دەکا و لای وایە کاتێ خۆشەویستەکەی تووڕە دەبێ، جوانترە، وەفا جگە لە بزە، تەنانەت تووڕە بوونیشی خۆش دەوێ و لایەنگری جوانی و دیمەنە، باشترین بەڵگەش بۆ ئەو بەشە وێنە زیندووەکانی شێعری وەفایە. لە هیچ شێعرێکیشدا وەفا لایەنگری قەید و بەندێکی تایبەت نیە و هەر لەبەر ئەوەشە زۆرجار شێعرەکانی هەرچەند بە ڕواڵەت لەیەک نزیک بن، لە دەروون دا هەرکام دنیای تایبەتی خۆیان هەیە و بە هەناسەیەکی جیاواز لە یەکتر دەژین، ئازاد بوون لە هەر چەشنە بەندێک، ڕەنگێکی تازەی بە شێعری وەفا داوە ئەو ئازادیخوازییە زۆرجار بۆتە هۆی غەریب بوونی شاعیر کە غەریب بوونیش، دیسان تایبەتمەندییەکی سەرەکی مەکتەبی ڕۆمانتیسمە، شاعیری ڕۆمانتیک دوای غەریب بوون، پەنا بۆ دنیای ژوورەوەی خۆی دەبا و گیرۆدەی دنیای خەیاڵاوی خۆی دەبێ، بۆیە وەفاش وەک هەر شاعیرێکی ڕۆمانتیک، غەریبە و بە دوای جەستەی ون بووی خۆی دا سەرگەردانە هەتا بە زمانێکی بێ زمانی بە کۆمەڵگاکەی بسەلمێنێ:

ئای... چەندە غەریبم
لەوانەی وا خۆشم دەوێن
چەند نامۆم
بۆ ئەوانەی خۆشیان دەوێم
چلۆن ون بووم
لە شەقامی فێ لێهاتووی
ئەم ژیانە...دا سپی دەنگ(سروەی 174، لاپەڕەی 32)

وەرگیراو لە مانگنامەی مەهاباد ساڵی پێنجەم ژمارە 53 بووشپەڕی 1384